هێزەکانی ئەمریکا لە عەمەلیاتێکدا کە ناویان نابوو «ئاخوندەک»، لە چەند سەعاتێکدا هێزێکی دەریایی کۆماری ئیسلامیان تەفرووتوونا کرد

لە پاش ئەوەی گەمارۆی نەوت و بانکی ناوەندیی ئێران لە لایەن وڵاتانی ڕۆژاواییەوە پەسند کرا و بڕیار درا لە مانگی داهاتوودا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەشێک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڕەشەی بەستنی گەرووی هۆرمۆزیان وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو وڵاتانە ڕاگەیاندووە، بە هۆی گرینگی ئەو بابەتە و کاردانەوەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و ئەگەر و پێشهاتەکان لەو بارەیەوە و چەند پرس و بابەتێکی دیکە لەو چوارچێوەیەدا، «بۆکوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ شەماڵ پیران کوردیناتۆری کومیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان پێکهێناوە کە دەقی وتوویژەکە لێرەدا دەخرێتە بەر چاوی خوێنەران.

بۆ کوردستان: لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا، بۆ ماوەی دە ڕۆژ کۆماری ئیسلامی ئێران مانۆڕێکی سەربازیی دەریایی لە کەنداو و گەرووی هورموز بەڕێوە برد، ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەم مانۆڕە چی بوو؟

شەماڵ پیران: ئەنجام دانی مانۆری سەربازی دیاردەیەکی ئاساییە لە نێوان دەولەتەکاندا و بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە بە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ململانێی سیاسی و ئابووری و نیزامی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لە مێژووی هاوچەرخدا ناسراوە. کۆماری ئیسلامیش وەک یەکێک لەم وڵاتانە هەر چەند ماوە جارێک و هەر جارە و لە دۆخێکی تایبەتدا مانۆری دەریایی و زەمینی بەڕێوە بردووە، بەڵام لە ڕاستیدا مانۆڕی دەریایی ئەم جارەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وەزع و باروودۆخێکی زۆر هەستیاری ناوچەکە بەڕێوەچوو. هەر وەک دەزانن ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، چارەنووسی سیاسی هەموو ئەو سیستەمە سیاسییە تووتالیتێر و نادێموکراتییانەی ناوچەکەی خستووەتە مەترسییەکی جیدییەوە و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش یەک لەو نیزامانەیە کە درەنگ یان زوو ئەو چارەنووسە بەرەوپیری دێ و وڵاتانی ڕۆژاواییش لەم هەلومەرجە نوێیەدا بێگومان کاریگەرییان لە سەر ڕووداو پێشهاتەکانی ناوچەکە دەبێ، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە لە ئێستادا کێشەی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئاکام و هەڕەشەکانی ئەو باهۆزە نییە کە بە بەهاری عەرەبی ناوی دێنن، بەڵکوو ئەو وڵاتە بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە تا ئێستا چەندین جار لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە گەمارۆی جۆراوجۆری بەسەردا سەپێنراوە و لە ئێستاشدا هەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەم وڵاتانی ئەورووپایی لە نوێترین هەوڵەکانیان بۆ ڕاگرتنی ئێران لە پێتاندنی ئورانیۆم بە مەبەستی بەرهەم هینانی چەکی ناوکی بڕیاریان داوە بەم زووانە بڕیاری گەمارۆی نەوتی ئێران و بانکی ناوەندی ئەو وڵاتە بدەن، بۆیە لەم هەلومەرجەدا لەگەڵ ئەوەدا کە نیزامی ئاخوندی تووشی کێشەی جیدی دەبێ لە بواری تێکرمانی ئابووریدا، چارەنووسی سیاسی ئەو نیزامەش هەم لە ئاستی دەرەوە و هەم لە ئاستی ناوخۆشدا دەکەوێتە مەترسییەکی جیدییەوە، بۆیە لەم باروودۆخەدا کۆماری ئیسلامی ئیران ئەم مانۆرەی بە دوو مەبەستی سەرەکی بەڕێوەبرد. یەکەم ئەم مانۆرە لە درێژەی ئەو شەرە ڕەوانییەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی نەیارەکانی لە هەموو ئاستەکانی ناخۆیی و ناچەیی و جیهانیدا دەیکا و دووهەم ئەمە جۆرێکە لە نیشاندانی توانای نیزامی دەریایی دەریادارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها هۆشدارێکە بۆ ئەوەی وڵاتانی ڕۆژاوایی تێبگەیەنێ کە ئەگەر بیانەوێ گەمارۆ بخەنە سەر نەوتی ئێران، ئەوە بەو هێزە دەتوانێ بەرژەوەندی ئابووری وڵاتانی ناوچەکە و بەشێک لە وڵاتانی دیکەی جیهان بە بەستنی تەنگەی هورمۆز بخاتە مەترسییەوە و تووشی کێشەیان بکا.

کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕێکی ئاشکرا لە دژی تەواوی ئەو وڵاتانە ڕادەگەیەنێ کە بۆ گەشەی ئابووری وڵاتەکەیان پشتیان بە گەرووی هورمۆز بەستووە

بۆ کوردستان: گەرووی هورموز دەروازەیەکە بۆ گواستنەوە و هەناردەکردنی لەسەدا چلی نەوتی ئێران و وڵاتانی کەنداو و چەندین وڵاتی دیکە بۆ ڕۆژاوا، لەکاتی بەڕێوەبردنی مانۆڕە دەریاییە سەربازییەکەی تاران لە کەنداو، کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی داخستنی ئەو گەرووەی کرد، ئایا ئێران توانای ئەوەی هەیە ئەم دەروازەیە دابخا؟

شەماڵ پیران: کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای درووست بوونیەوە تا ئێستا چەندین جار هەڕەشەی داخستنی گەرووی هۆرموزی کردووە بەڵام هەرگیز ئەوەیان نەکردووە، هەڵبەت جارێک، بەڵام بە جۆرێکی دیکە ئەوەیان تاقی کردووەتەوە کە سەرەنجام لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەرسێکی باشیان پێدرا. لە ساڵی ١٩٨٨ هێزە دەریاییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر ڕێگای بەشێک لەو تانکێرانەی لە ڕێگای دەریاوە نەوتیان دەگواستەوە مینیان دادەنا، هێزەکانی ئەمریکا لە عەمەلیاتێکدا کە ناویان نابوو «ئاخوندەک» لە چەند سەعاتێکدا هێزێکی زۆری دەریایی کۆماری ئیسلامیان تەفرووتوونا کرد و لە ناویان بردن، ئەو شەرەیان ناو نابوو شەڕی تانکییەکان. بۆیە بە بۆچوونی من ئەمە تەنیا هەرەشەیەکە و درووشمێکی جێی گاڵتەجاڕییە، چۆنکە بە زۆر هۆکاری نیزامی، یاسایی و ئابووری، ئێران لە هەموو لایەکەوە زەرەرمەندی یەکەم دەبێ لە هەر جۆرە حەولێک بۆ بەستنی گەرووی هۆمۆز.

بۆ کوردستان: ئایا هێچ برگەیەکی یاسایی یان ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی هەیە کە ئەو مافە بە کۆماری ئیسلامی ئیران بدا کە بتوانێ گەرووی هۆرموز دابخا؟

شەماڵ پیران: نەخیر ئێران لە رووی یاساییەوە ناتوانی بە هێچ شێوەیەک ئەوە بکا، چونکە یاسای مافی دەریایی دەوڵەتەکان لە سەر بنەمای کونوانسیونی ١٩٨٢ ڕێکخراوە کە تێیدا مافی هاتووچۆی ترانزیتی نێودەوڵەتی بۆ تەواوی ئەو گەرووانەی بۆ کەشتیرانی نێودەولەتی کەڵکی لێوەردەگیرێ و یەک لەوان گەرووی هۆرموز، بە ڕەوا بینراوە و کۆماری ئیسلامی ئیرانیش یەک لەو وڵاتانەیە کە ئەو پرۆتۆکۆلەی ئیمزا کردووە. لە لایەکی دیکەوە لە نێو گەرووی هۆرمۆزدا سێ بەش هەیە کە تەنیا بەشێکیان بەشی دەریایی وڵاتی ئیرانە و دوو بەشەکەی دیکە یەکیان ئەو ئاوانەیە کە ئاوی نێودەوڵەتی پێدەڵێن و ئەوی دیکەشیان ئەو ئاوانەیە کە دەکەوێتە بەشی دەریایی وڵاتی عەمانەوە کە ئەو بەشە زۆرترین هاتووچۆی هانارده و هاوردە کردنی نەوتی لە سەرە، بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هێچ شێوەیەک ناتوانێ لەو دوو بەشە کە پێوەندی بە ئاوە دەریاییەکانی ئیرانەوە نییە دەستێوەردان بکا.

بۆ کوردستان: ئەم هەڵوێستەی تاران لە پاش ئەگەری گەمارۆ خستنە سەر

لە نێو گەرووی هۆرمۆزدا سێ بەش هەیە کە تەنیا بەشێکیان بەشی دەریایی وڵاتی ئێرانە

کەرتی نەوتی ئەو وڵاتەیە، بە بڕوای جەنابتان داخستنی ئەم گەرووە لە لایان ئێرانەوە چ کاریگەرییەکی دەبی لە سەر وڵاتانی عەرەبی و ئەو وڵاتانە کە لەو ڕێگەیەوە نەوت هەناردە یان هاوردە دەکەن؟

شەماڵ پیران: گەرووی هۆرمۆز ڕێگایەکی ئاوی باریکە کە کەنداوی فارس و دەریای عەمان پێکەوە گرێ دەدا و گرینگەییەکی زۆری بۆ ئابووری جیهان هەیە و داخستنی ئەم گەرووە لەلایەن هەر دەوڵەتێکەوە کاردانەوەی توندی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا لێدەکەوێتەوە. بەستنی ئەم شارێگایە کە ڕێگای سەرەکی هەناردە و هاوردە کردنی نەوتە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەرێکی قورس و لە ڕاستیدا لەم حالەتەدا کۆماری ئیسلامی ئیران شەرێکی ئاشکرا لە دژی تەواوی ئەو وڵاتانە ڕادەگەیەنێ کە بۆ گەشەی ئابووری وڵاتەکەیان پشتیان بە گەرووی هورمۆز بەستووە. عەرەبستانی سعوودی و عێراق و کوەیت و قەتەر و بەحرین و یەکێتی وڵاتانی عەرەبی لە ڕێگای گەرووی هۆرمۆزەوە نەوتی ولاتەکانیان هەناردە دەکەن و هەروەها ئوروپای ڕۆژاوا و ژاپۆن و هاوپەیمانەکانیان لەو ڕێگایەوە نەوت هاوردە دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە بەشێکی بەرچاوی ئابووری خودی ئێرانێش لە ڕێگای گەرووی هۆرمۆزەوە دابین دەکرێ، بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران کاتێک دەس بۆ ئەو کارە دەبا کە هیچ ڕێگایەکی بۆ مانەوەی خۆی لەبەر دەمدا نەمێنێ و ئەوەش بە واتای هەڵگیرسانی شەرێکی قورس دەبێ لە ناوچەی کەنداوی فارس و بێگومان دۆراوی ئەم شەڕەش هەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ.

لە رووی توانای نیزامیشەوە هێزی دەریایی و هەوایی ئێران بە هێچ شێوەیەک بەراورد ناکرێ لەگەڵ هێزێ دەریایی و هەوایی وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی ڕۆژاوایی وەک ئەمریکا و فەرانسە کە لە نزیک گەرووی هۆرمۆز و پێگە دەریاییەکانی ناوچەکە جێگیر بوون، تەنانەت وڵاتێکی وەک بەحرین لەو بارەیەوە خاوەن کەرەسەی نیزامی بەتواناتر و بەهێزترە لە ئیران.

بۆ کوردستان: وەک دەزانن ناوێکی

لە ئێستادا کێشەی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئاکام و هەڕەشەکانی ئەو باهۆزە نییە کە بە بەهاری عەرەبی ناوی دێنن

ئەمریکایی لە ناوچە دەریاییەکانی کەنداوی فارس کۆمەلێک ماسیگری ئیرانیان لە دەستی چەتە دەریاییەکانی ئەو ناوچەیە رزگار کرد، کۆماری ئیسلامیش ئەوەی وەک کردەوەیەکی مرۆڤ دۆستانە ڕاگەیاند، ئەم هەنگاوەی ئەمریکا هەڵگری چ پەیامێکە لە کاتێکدا کە پێوەندی ئێران و ئەمریکا لە ڕەوشێکی ئاساییدا نییە؟ شەماڵ پیران: ئەم هەنگاوی دەریاوانە ئەمریکییەکان دەکرێ ئاسایی بێ و دەکرێ نائاساییش بێ، ئاساییە بە هۆی ئەوەی ئەوانە بەرپەرچی دیاردەیەکی نایاساییان داوەتەوە و ئەوەش دەکرێ جۆرێک نەریت یان ڕێکەوتن بێ لە نێوان هەموو ئەو هێز و پێرسونێلە نیزامییە ناوچەیی و غەیرە ناوچەییانەی لەو ناوچە ئاوییانەدا جێگێرن، ئەگەر ئەوەیان بێ ئەوە هێچ لێکدانەوە و شێکارییەکی پێویست نییە، نائاساییە چونکە پێوەندی ئێران و ئەمریکا پێوەندییەکی ئاسایی نییە، بەڵکوو پێوەندییەکی ئاڵۆز و دوژمنکارانەیە، لەم هەلوومەرجەدا رزگار کردنی ئەو پۆلە ماسیگرە ئێرانییە لە لایەن ناوە ئەمریکییەکەوە کە تەنانەت مۆرکی دژە ئەمریکایی بە جل و بەرگەکانیانەوە بووە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێ، هێندێک بۆچوون هەبوو کە باسی لەوە دەکرد گوایە ئەوە ڕووداوێکی ئاسایی نەبووە و زیاتر لە سیناریۆیەک دەچێ کە ئەمریکییەکان ڕێکیان خستبێ، بەڵام ئەو ڕووداوە چ ڕێکخراو بووبێت و چ ڕووداوێکی هەڵکەوت بووبێ، خاوەنی پەیامی خۆیەتی. پەیامێکی ئەو مەسەلەیە رووی لە جیهان و وڵاتانی ناوچەکەیە، کە حزووری ئەمریکاییەکان نەک هەر مەترسی نییە بۆ کەس، بەڵکوو ئەوە ئەوانن کە دەتوانن ئەمنییەتی ئەو ناوچەیە بپارێزن لەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، پەیامێکی دیکەی ئەو ڕووداوەش دەکرێ دەسپێشخەرییەک بێ لە پەیامێکی ئاشتیخوازانە و زمانی دیالۆگ، تەنانەت لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئێران کە تا سەر ئێسک مەترسییە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکەدا پێویستی بە دۆست و هاوپەیمانی زیاترە، بۆیە هیچ هەنگاوێکی هێزەکانی ئەمریکا بە تایبەتی لە ناوچە ئاوییەکانی کەنداو بێ بەرنامە و پلان نییە.

بۆ کوردستان: ئەمریکا چەند پاپۆڕێکی فرۆکە هەڵگری لەو ناوچانە جێگیر کردووە، جێگیر کردنی ئەو پاپۆڕانە لێکدانەوەی جیاوازی لەسەر هەیە، بەبڕوای ئێوە ئامانجی ئەمریکا تەنیا پاراستنی گەرووی هومرموزە یان مەبەستێکی دیکەی هەیە و تا ئێستا ئاشکرا نەبووە؟

شەماڵ پیران: ئەمریکا گەلێ بەرژەوەندی لەو ناوچانەدا هەیە، بەڵام ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە گەرووی هۆرمۆز لە ئەستۆی ناوگانی پێنجی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکایە، هەروەها جگە لەوەش لە تەواوی ئەو هێرشانەی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە چ لە چەند ساڵی ڕابردوودا و چ لە ساڵی ١٩٩١ کە هێرشی کردە سەر عێراق، ئەو پاپۆڕانە پاڵپشتێکی بەهێزی ئەمریکا بوون لەو شەرانەدا، گرینگی ئەو پێگە دەریاییانەی ئەمریکا لە گەرووی هۆرمۆز و ئاوەکانی دەریای عەمان و کەنداو بە ڕادەیەکە کە هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا بڕیاری بوودجەیەکی ٥٨٠ میلیون دۆلاری بە مەبەستی گەشە پێدانی زیاتری پاپۆرە فرۆکە هەڵگرەکان لەو ناوچانەدا پەسەند کردووە. بۆیە هەر هەنگاوێک، لە لەیەن هەر هێزێکی ناوچەییەوە کە بیهەوێ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە گەرووی هۆرمۆز بخاتە مەترسییەوە، بێگومان ڕووبەڕووی گورزی ئەو هێزە زەبەلاحەی دەکاتەوە.



ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکەدا پێویستی بە دۆست و هاوپەیمانی زیاترە

هەر هەنگاوێک، لە لەیەن هەر هێزێکی ناوچەییەوە کە بیهەوێ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە گەرووی هۆرمۆز بخاتە مەترسییەوە، بێگومان ڕووبەڕووی گورزی ئەو هێزە زەبەلاحەی دەکاتەوە